www.kurdistannet.org
10-2-2003 0:10

# دەوڵەتی کوردی. . یان ئەم نەورۆزە. . یان سەدەیەکی تر!

مەهاباد قەرەداغی

سیاسەت کاری من نییە، بەڵام کێ دەتوانێ لەم ئان و ساتە کاراستئامێز و چارەنووسسازەدا بێدەنگ دانیشێ و لەبەر نیگەرانبوونی لە ئەزموونێکی سیانزەساڵەی بە نزیکەی سەدەیەک خەبات لە باشووری کوردستاندا بەدەستهاتوو، باس لە سیاسەت نەکات! بە تایبەتی کاتێ کە چارەنووسی نەتەوەیەکەی و خاکەکەی بەدەستی ئەو هێزانەوە بێت کە هەموو کردار و گوفتاریان گومانلێکراو بن و، سەرکردەکانیشی دەستەمۆ و بێ ئەرزش بن و نەزانن بڵێن: نەخێر!

(بەڵێ) کوشندەکانی سەرکردەکانمان و بێتامبوونی وتاری (دەوڵەتمان ناوێ) و (یەکێتی خاکی عێراق دەپارێزین) و گوێنەگرتنیان لە ڕای گشتی کورد و گوێ شل کردنیان بۆ سوکایەتییەکانی داگیرکەرەکانی کوردستان کە لە پایتەختەکانی خۆیانەوە بە گوێیانیدا دەدەن، هەستەکانمان ئازار دەدەن و ناتوانین نەیەینە وەڵام.

چرکە چرکی کاتژمێرەکانی پێنتاگۆن هاکا گەیشتنە سەر ژمارەی سفر و تەقینەوەی چاوەڕوانکراو شەوەزەنگی دەڤەرەکەی کرد بە ئاگرستان. ئێمەی کوردیش کە سیانزە ساڵە لە سایەی تەبایی و ئاشتیدا خاوەنی پەرلەمانی سەربەخۆی خۆمان و دوو دانە حکوومەتین! بە پێی ئەو سیاسەتە بێ کە حیزبەکانی باشووری کوردستان پەیڕەوی دەکەن و ئەو وتارانەی کە لە ڕاگەیاندنەکانی دنیاوە لێیان دەبیستین، وا پێدەچێ ناچارمان بکەنەوە بچینەوە بەر دەرگای حکومەتی داهاتووی عێراق و سواڵی مافە کلتوورییەکانمان بکەین!

ئەو ئەزموونە سیانزە ساڵییەی باشووری کوردستان، گەر بە دەست مرۆڤی سیاستزانەوە بووایە، دەیتوانی بناغەی دەوڵەتێکی لێ پێکبهێنێ و بیکات بە دیفاکتۆ لەئەمرۆی چارەنووسسازدا. لەگەڵ هەموو کەموکورییەکانی بەڕێوەبردن و شەڕی ناوخۆیی و ناسەقامگیری ئاسایشی دەڤەرەکە و گورزە ئابوورییەکان، ئێستاش بوارێک بۆ کورد هەیە قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد بکات بە دیفاکتۆ.

هەموو ئاماژە سیاسییەکان و جموجووڵە سەربازییەکانی ئەمریکا هێمای نزیکبوونەوەی پەلاماردانی عێراق ڕوون دەکەنەوە. پێدەچێ ئەم نەورۆزە بۆ کورد، نەورۆزێکی چارەنووس ساز بێت. فاکتەری زۆر هەن کار لە جۆری ئەو چارەنووسە بکەن، بەڵام بڕیاردەرە سیاسییەکانی کورد کە لەم وازییەی ئەمجارەدا ڕۆڵیشیان پێدراوە، ئەگەر بۆ یەک جار لە ژیانیاندا سیاسەتزانانە ڕۆڵ ببینن، دەتوانن تەمەنی ئەزموونی باشوور درێژ بکەنەوە و لەم نەورۆزەدا بناغەیەک بۆ دەوڵەتی کوردی لە داهاتوویەکی نزیکدا دابنێن، ئەگەریش سیاسەتنەزانانە ڕۆڵەکە بلەیزن، بە ڕای من ئەم ئاواتە دێرینەی ئێمە (ئەفسووس) بۆ نزیکەی سەدەیەک دواوەدەخەن!.

. . .

2003-2-10

ستۆکهۆڵم

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15